www.kurdistannet.org
29-11-2006 8:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەزیر یا دکتۆری عیادە!! ... بەختیار سەعید

کەمجار هەبووە گلەیی وگازندەمان دەرنەبڕیبێت لە شێوازی پشکنینی دکتۆری نێو عیادەکانی شەقامی پزیشکانی هەولێرو شارەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژێکدا ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆش دەبینن، بەپێی ئاگاداریمان دکتۆری پسپۆڕی وا هەیە ڕۆژانە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا لە نێوانی (70/60) نەخۆش دەبینن!!ئیتر نامەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم کە خوا پێم نەگرێت هەندێك لەو دکتۆرانە ئەوەندە بێویژدانن ئەوەندەی بیر لەخۆدەوڵەمەند کردنەوە دەکەن نیو ئەوەندە لایەنی ئینسانی وئەخلاقی پیشەکەیان لە بەر چاو ناگرن!!ئەم پێشەکیەم تەنیا دەروازەیەکی نمونەیی بوو بۆ باسەکەم، کەپەیوەندی بە چاوپێکەوتنەکانی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، کە پێموایە لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك دیاری کراوە بۆ بینینی هاوڵاتیان تاکو لەنزیکەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن!! زۆر بەداخەوە وەزیرەکانی حکوومەتی هەرێم لەم بوارەدا نەیان توانیوە ڕۆڵی ئەکتیفانەی خۆیان ببینن! هەر نەبی لە نزیکەوە کەمێك ئاگاداری کێشەو خەمەکانی خەڵکی بن!! لەبەر دوو هۆکار لەلایەك خۆیان کوێبیستی جۆرو چۆنێتی کێشەکان بن؟!لەلایەکی دیکەشەوە کەمێك لە سەلیقەیی وڕاستگۆی داروودەستەکانیان ئاشنابن!کە هەمیشە وەك تووتی فێربوون بڵێن ئیش وکارەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە زۆر بەشێوەیەکی ڕێك وپێك وەك سەعاتی چاڵَمە بەڕێوە دەچن!!کە پێچەوانەکە ڕاستە. سەیری چاوپێکەوتنەکانی هەندێك لە وەزیرەکانی لەمەڕ خۆمان بکەین، کە چۆن هاوڵاتیان دەبینن؟!لای وەزیرێك دانیشت بووم گووتی:ئەمڕۆ نزیکەی (70) هاوڵاتیم بینیوە!!کێشەکانیانم چارەسەر کردووە، بەپێکەنینەوە پێم گووت:لەکەیەکەوە بوویتە دکتۆر!ئەویش گووتی:بۆچی دکتۆر؟!پێم گووت:تەنیا دکتۆر لەم وڵاتە توانیوێتی زۆر ترین (مراجع) نەخۆش ببینێت!!ووتی: باوەڕبکەن سەرێکم بۆلەقاندوو خواحافیزیم کردوو، ئەویش بەگەرمیەوە بەڕێکردم، کاتی پرسیارم لە سکرتێرەکەی کرد لەبەیانیەوە تا ئێستا وەزیر چەند هاوڵاتی دیوە؟!گووتی:تەنیا (4) کەسی بینیوە دیاربوو سکرتێرەکە زۆر ڕاستگۆ بوو، لێم پرسی ئەوانە کێ بوون کەوەزیریان دیوە؟!گووتی:دوانیان نامەی مەسئولیان پێبووەو یەکێکیشیان خزمی خۆیان بووەو چوارەمیشان خوا پێم نەگرێت زۆر جار دێتە لای لەوە دەچێت لە سوکە کاسپییەکدا شەریك بن!!لەم قسانەدابوین وجەنابی وەزیر تێتەقاندوو گووتی هیلاك بووم ئیتر کەس نابینم!!باوەڕ بکەن کەبەندەی بینی ڕەنگی وەك (حەربا) گۆڕا! کەهاتمەلای پرسگەی دەرەوە زیاتر لە (50/40) هاوڵاتی فەقیرو هەژارم بەدی کرد کەچاوەڕوانی بینینی وەزیریان دەکرد!!خۆم پێنەگیراو ووتم:ئەوەی چاوەڕوانی وەزیرە بابڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی پێشم گووتن لام وایەبەدیداری خوای دلۆفان دەگەن بەدیداری ئەم جەناب عالیە هەرگیز ناگەن!!ئیتر هەر کەسە ولەجێی خۆی هەرچیان بەزاردا هات گووتیان ونەیانگێڕایەوە!!باش بوو وە بیرم هاتەوە جەنابی وەزیر ژمارە تەلەفونەکەی خۆیدامێ و گووتی:شەو ڕۆژ دەتوانیت هەر کاتی ویستت تەلەفونم بۆ بکەیت، باوەڕتان هەبێت من لەسەر داواکاری خۆی چوو بوومەلای، بەڵام بۆ تاقیکردنەوە زیاتر لە (8) جار زەنگم بۆ لێداوە هەر وەڵامیشی نەداومەتەوە!!وەزیرێك بەم چەشنە ڕفتار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان وهاوڵاتیاندا بکەن!!دەبی ڕۆژانە چەند درۆ لەگەڵ سەرو خۆیاندا بکەن؟! ئەم مەملەکەتە بکەن شامی شەریف! ئاگاداری وەزیرێکی دیکەم هەر کەسێك بیەوێت وبەدیداری شاد بێت ئەبی نامەیەکی بۆنداری حیزبی پێبێت دەنا مەگەر لە کاتی هەواڵەکاندا بە خزمەتی بگەیت!! وەزیرێکی دیکەش لەو ڕۆژانەی دیاری کراوە خەڵکی ببینێت بەناوی کۆبوونەوە دەچێتە شیراتۆن بۆ دیداری دۆستەکانی!!ئیتر نا هەقی خەڵکی بۆ بگرین گەر گلەیی ورەخنەو مانبگرن!!